http://www.doi.org/10.31918/twejer.19tds.2

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# هەڵسەنگاندنی جوگرافیی توانستە سروشتییەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی

## لە قەزای مێرگەسۆر

رزگار محمد عثمان هەنارەیی
زانکۆی سۆران / فاکەڵتیی ئاداب
rizgar.usman@soran.edu.iq

**پوختە:**

چالاکیی گەشتیاری لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لە ئابووری وڵاتاندا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت, و یەکێکە لەو بنەمایانەی کە ئابووری نەتەوەیی لەسەر بنیاد دەندرێت و ڕێژەی بەشداریکردنی لە داهاتی گشتیی وڵاتان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیابووندایە.

کەرتی گەشتوگوزار بەگشتی و ناوچە گەشتوگوزارییەکان بەشێوەیەکی تایبەت, بەرانبەر بە پیسبوونی ژینگە زۆر هەستیارن, لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوە لەسەر بابەتی گەشتوگوزاری ژینگەیی بایەخی زیاتر پەیدادەکات.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستن و هەڵسەنگاندنی گرنگترین توانستە سروشتییەکانی قەزای مێرگەسۆرە بۆ بنیادنان و گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی، وێڕای هەڵبژاردنی باشترین شوێن بۆ پڕۆژەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی و هۆتێلی ژینگەیی.

توێژینەوەکە دابەشی سەر چوار تەوەرە کراوە, کە بریتین لە ئەدەبیاتی توێژینەوە، ناوچەی لێکۆڵینەوە، توانستە سروشتییەکان, دەرەنجام و گفتوگۆ، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا کۆمەڵێک پێشنیاز پێشکەشکراون بۆ باشترکردنی ڕەوشی چالاکیی گەشتوگوزار لە ناوچەکە و شوێنگرتنەوەی بە گەشتوگوزاری ژینگەیی کە زامنی دەستەبەرکردنی گەشتوگوزاری بەردەوام و گەشپێدانی بەردەوامە لەناوچەکە.

**وشە کلیلییەکان:** گەشتوگوزاری ژینگەیی، توانستە سروشتییەکان، گەشتوگوزاری بەردەوام، هۆتێلی ژینگەیی(Ecolodge).

# هەڵسەنگاندنی جوگرافی توانستە سروشتییەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی

## لە قەزای مێرگەسۆر

**پێشەکی:**

گەشتوگوزاری ژینگەیی بە یەکێک لە گرنگترین جۆرەکانی گەشتوگوزار دادەندرێت، ئەگەر گرنگترینیان نەبێت، بەوهۆیەوە پانتاییەکی گەورەی لە لێکۆڵینەوەکانی بواری گەشتوگوزار گرتووە، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی هەندێک کاریگەیی نەرێنیی گەشتوگوزاری لەسەر ژینگە و گەورەتربوونی گرفتە ژینگەییەکان و پێویستیی چارەسەرکردنیان، ئەم جۆرە گەشتوگوزارە وەک جۆرێکی جێگرەوەی گەشتوگوزاری بەکۆمەڵ (mass tourism) هاتەکایەوە لە ئامانجی بەردەوامیی دەرامەتە گەشتوگوزارییەکان و بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام لە ڕێگای چالاکییە گەشتوگوزارییەکانەوە.

**گرنگیی لێکۆڵینەوەکە** لەوەدا دەردەکەوێت کە گەشتوگوزاری ژینگەیی هۆکارێکە بۆ پاراستنی دەرامەتە گەشتوگوزارییەکانی قەزای مێرگەسۆر و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی، هاوکات فاکتەرێکی گرنگە بۆ گەشەکردنی ئابووری ناوچەکە لە ڕێگەی پڕۆژە گەشتوگوزارییەکانەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە** دەرخستنی گرنگترین توانسە سروشتییەکانی قەزای مێرگەسۆرە بۆ بونیادنان و گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی، وێڕای دەستنیشانکردنی باشترین شوێن بۆ پڕۆژەکانی تایبەت بەم جۆرە گەشتوگوزارە.

**پرسیاری لێکۆڵینەوە** لەو خاڵانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١) ئایا توانستە سروشتییەکانی قەزای مێرگەسۆر بۆ گەشتوگوزاری ژینگەیی لە چ ئاستێکدایە؟

٢) ئایا گەشتوگوزاری ژینگەیی ڕۆڵی لە گەشەپێدانی گەشتوگوزاری قەزاکە هەیە؟

٣) ئایا باشترین شوێن بۆ گەشتوگوزاری ژینگەیی و دامەزراندنی ئیکۆلۆج لە کوێیە؟

**میتۆدی لێکۆڵینەوە**: لێکۆڵینەوەکە پشتی بەمیتۆدی شیکاری بەستووە وێڕای سوودوەرگرتن لە ئامرازە چەندییەتیی و ئامارییەکان و نەخشە و سەردانی مەیدانی.

**پلانی لێکۆڵینەوە:** بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە دەستنیشانکراوەکان، لێکۆڵینەوەکە دابەشی سەر چوار تەوەرە کراوە، تەوەرەی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ ئەدەبیاتی توێژینەوە و لە تەوەرەی دووەمیشدا باس لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و ڕێکارەکانی توێژینەوە کراوە و تەوەرەی سێیەمیش تایبەتە بە توانستە سروشییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و تەوەرەی کۆتاییش بریتییە لە ئەنجام و گفتوگۆ. وێڕای دەستنیشانکردنی باشترین شوێن بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی و دامەزراندنی ئیکۆلۆج لە قەزای مێرگەسۆر.

## تەوەرەی یەکەم:- ئەدەبیاتی توێژینەوە (Literature Review)

### ١_١ چەمک و زاراوەکان:

پێش ئەوەی باس لە توانستە سروشتییەکانی قەزای مێرگەسۆر بکرێت, بەباش دەزاندرێت, باس لە چەمک و زاراوە بەکارهاتووەکانی ناو لێکۆڵینەوەکە بکرێت، وەک سەرەتایەک بۆ چوونە ناو بابەتی لێکۆڵینەوەکە.

## گەشتوگوزاری ژینگەیی(Ecotourism):-

ڕیشـــەی مێژوویـــی گەشـــتوگوزاری ژینگـــەیی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ سەرەتای گواستنەوەی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و گەشتی مـرۆڤ بـە ژینگـە جیاوازەکانـدا، بەشـێک لە تـوێژەرانیش گەشـتوگوزاری ژینگەیـی دەگێـڕننەوە بـۆ پاراسـتنی سـەرچاوە سروشـتییەکان لە ڕێـگەی پارێزراوە سروشتییەکانەوە، بەڵام سـەرەتای سـەرهەڵدانی گەشـتوگوزاری ژینگەیی و دەرکەوتنی زاراوەکە بە شێوەیەکی ئەکادیمی دەگەڕێتەوە بۆ سـەرەتای سـاڵانی هەشـتاکان, کاتێـک زانـای بـواری ژینگەیـی بە ڕەگەز مەکسیکی هیکتۆر سیبالۆس (Hector Ceballos) لە ساڵی ١٩٨٣ ئەو زاراوەیەی هێنایەکـــایەوە, بەڵام بە شـــێوەیەکی بەربـــڵاو لە ســـەرەتای نەوەتەکـــانەوە هـــاتە نـــاو فەلســـەفەی پاراســـتنی ژیـــنگە و چالاکییـــە گەشتوگوزارییەکان. (الخضیری، ٢٠٠٥، ل٤٢)

دوای دەرکـــەوتنی گەشـــتوگوزاری ژینگـــەیی، ناوەنـــدە زانســـتی و ئەکادیمییەکان چەندین زاراوەی جیاوازیـان بۆ دانـاوە, بـەڵام لێرەدا تـەنها پێناسـەی داهێنـەری زاراوەکـە دەخەینـەڕوو، کـە پێیوایـە گەشـتوگوزاری ژینگەیـی بـریتییە لە (گەشـتکردن بەرەو ئەو ناوچەنـانەی کە تێکنەچوون و پیســـنەبوون, بە ئامـــانجێکی دیـــاریکراو وەک لێکـــۆڵینەوە, چێژوەرگـــرتن لەســـەیرکردنی ڕووەکـــی سروشـــتی, ئـــاژەڵ و باڵنـــدەی کێـــوی, دیـــاردە دەگمەنەکان، شارەزابوون لە دیاردەی ڕۆشنبیری و کەلتوورییەکان ئینجا نویێ و سەردەمی بن یا کۆن و مێژوویی) (فؤاد, ٢٠٠٨, ل٨٩).

## توانستی سروشتی (Natural Potentiality)

توانسـتە سروشـتییەکان هـەموو ئـەو دیاردانـە دەگرێتـەوە کـە مـرۆڤ ڕۆڵـی لـە دروسـبوون و دابەشـبوونی جوگرافییـان نییـە و بەشـێوەیەکی یەکســـان لـــە بـــەرگی جوگرافیـــدا کۆنەبوونەتـــەوە و توانـــای ناوچـــە و هەرێمەکان لە بوونی ئەو توانستانە جیاوازە، (هـەنارەیی،٢٠١١، ل٢٧) ئـەو

توانستانە بە بنچینەیەکی بەهێزی گەشتوگوزاری ژینگەیی دادەندرێن و جۆراوجۆربوونی ئەو توانستانەش دەرفەتی باشتر دەڕەخسێنێت بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە هەر ناوچەیەکدا.

## گەشتوگوزاری بەردەوام (Sustainable Tourism)

گەشتوگوزاری بەردەوام هاوشێوەی گەشتوگوزاری ژینگەیی زاراوەیەکی نوێیە و سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٢) کاتێک کۆنگرەی لوتکەی جیهانی بۆ گەشتوگوزاری ژینگەیی لە کەنەدا بەستراو لەم کۆنگرەیەدا جەختکرایەوە لەسەر پیادەکردنی بنەماکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە چالاکیی گەشتوگوزاریدا ( World Ecotourism Summit ,2002,p11).

دەکرێ بڵێین گەشتوگوزاری بەردەوام بریتییە لەو چالاکییە گەشتیارییەی دەبێتە هۆی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێستای گەشتیاران و ناوچە گەشتوگوزارییەکان، بێ ئەوەی سازش بکات لەسەر دابینکردنی پێداویستییە گەشتیارییەکانی نەوەکانی داهاتوو، هاوکات فاکتەرێکە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ناوچە گەشتوگوزارییەکان ( F.McCool, & Moisey, 2009, p19). کەواتە گەشتوگوزاری بەردەوام پێویستییەکی سەردەمییانەی ئەنجامدانی چالاکیی گەشتوگوزارییە لەپێناو پاراستنی دەرامەتەکانی ژینگەی گەشتیاری بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوو، وێڕای گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ ئەو ناوچە گەشتوگوزارییانەی کە توشی لاسەنگبوون هاتوون.

## هۆتێلی(ماڵی) ژینگەیی (Ecolodge):_

لەم ساڵانەی دواییدا لەپێناو پاراستنی ژینگەی گەشتیاری لە چالاکییە زیانبەخشەکانی مرۆڤ چەندین ڕێکار پیادەکران، لەم سۆنگەیەوە هەندێک زاراوی نوێ دەرکەوتن, وەک باڵەخانەی سەوز ( Green

(Ecological Locality) و شــــوێنگەی ژینگـــەیی (Architecture) گەشـتوگوزاری سـەوز (Green Tourism) و هۆتێلی(مـاڵی) ژینگـەیی (Ecolodge).

هـــۆتێلی ژینگـــەیی (Ecolodge): بریتییـــە لـــە باڵەخانەیـــەکی گەشـتوگوزاری، کە پلانـدانان و ڕێکخسـتن و دیزاینکردنـی تەریبـە لەگـەڵ ڕەهەندە ژینگەییەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو، هاوکات زۆرترین زانیاریی ژینگـەیی بـۆ گەشـتیار تێدا بەرجەسـتە دەکرێت, لـە ڕێگـای کەرەسـتەی دروســتکردن و شــێوازی دیزاینــەوە (غرایبــە، ٢٠١٢، ل١٦٠). ئیکۆلــۆج زاراوەیەکی نوێی سەدەی بیست و یەکە و تێکەڵەیەکە لە نێوان چالاکییە گەشتوگوزارییەکان و پاراستنی ژینگە لە پێناو گەیشتن بە گەشـەپێدانی بەردەوام. (Hagberg,2011, p7).

لـە توێژینەوەیـەکی کۆمەڵـەی نێودەوڵـەتیی گەشـتوگوزاری ژینگـەیی (TIES)، دەرکـەوتووە ئیکۆلـۆج نـوێترین فەلسـەفەی گەشـتوگوزارە, کـە تێکـەڵ بـە پاراسـتنی ژینگـە کـراوە، هاوکـات فاکتـەرێکی بـەهێزە بـۆ بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری و پـەروەردەی ژینگـەیی ( Fennell, 2008, p221). لـەم ڕوانگەیـەوە کۆمەڵەکە سێ بنچینـەی سـەرەکی و گرنگـی بۆ ئیکۆلـۆج دانـاوە ئـەوانیش بـریتیین لە پاراسـتنی ژینگـەی دەوروبـەری دامەزراوەکـە و سـوود وەرگرتنـی دانیشـتوانی خـۆجێیی لـە ئیکۆلـۆج و دروسـتکردنی هەماهـەنگی لـەنێوان دانیشـتوانی ناوچەکـە و گەشـتیاراندا. (Jampol, 2004,p4).

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئیکۆلۆج بەشێکی دانەبڕاوە لە گەشتوگوزاری ژینگـەیی، زۆربـەی وڵاتـانیش ئـەم دامـەزراوە ژینگەییـە لـە نزیـک ناوچـەی پارێزراوە سروشتییەکان دروستدەکەن وەک وڵاتـانی ئـەمریکا، ئوسـترالیا، بـەرازیل، نیوزلانـد، پیـرۆ، کۆسـتەریکا، تـا سـوود لـە گەشـتیارانی ناوچـە پـارێزراوە سروشـتییەکان وەربگـرن ئەمە لەلایـەک, و لەلایەکـی تـر ببێتـە

هۆکـارێکی کاریگـەر بـۆ هاوسـەنگکردنەوەی ئـەو ناوچانـەی کـە بـەهۆی چالاکیی گەشتوگوزارییەوە لاسەنگبوون (Higham, 2007, p244).

وێنەی ژمارە (١) نموونەی ئیکۆلۆج لە دوو ژینگەی گەشتیاریی جیاوازدا


ئیکۆلۆج لە
سەرچاوە:


ئیکۆلۆج لە
سەرچاوە:

هۆتێلـە ژینگەییـەکان کـەمترین کەرەسـتەی سـەردەمییانەی تێـدا بەکاردەهێندرێت، بەڵکو لە کەرەستەی خۆجێی ناوچەکە دروست دەکرێت, بەتایبـەت ئـەو کەرەسـتانەی کـە ناوچەکـەی پـێ دەناسـرێتەوە لـە پێنـاو ئاشـناکردنی زیـاتری گەشـتیاران بـەو سـیما و سـیمبولانەی کـە ناوچـە گەشـتیارییەکە هەیـەتی. تەنانـەت لـە زۆربـەی هۆتێلـە ژینگەییەکانـدا خزمـەتگوزاری و خـواردنی خـۆجێیش پێشکەشـی گەشـتیاران دەکرێـت و ڕێبـەریی تایبـەت بـۆ گەشـتیاران دادەندرێت بـۆ گـەڕان بـەناو دارسـتان و پارک و پارێزراوە سروشتییەکاندا (Fennell,2008,p224).

ئامـانجی سـەرەکی بونیاتنـانی ئیکۆلـۆج دروسـتکردنی پەیوەندییـەکی بـەهێزە لـە نێـوان گەشـتیار و ژینگـەدا, بـۆ ئـەوەی لـە کـاتی ئەنجامـدانی چالاکییە گەشتوگوزارییەکاندا هیچ زیانێک بە ناوچە گەشـتوگوزارییەکان نەگەیەنرێت، گەشتیارێکی ژینگەپارێزبێت، وێڕای ئەوەی سوودی ئابووری

بــۆ دانیشــتوانی خــۆجێیی ناوچەکــە هــەبێت و ڕەهەنــدێکی گەشــەپێدانی بەردەوام فەراهەم بکات.

### ١_٢ لێکۆڵینەوە بەراییەکان:

لێکۆڵینـەوە لـە گەشـتوگوزاری ژینگـەیی و توانسـتەکانی گەشـەپێدانی، گۆشـەیەکی بـەرچاوی لـە توێژینـەوەی ناوەنـدە زانسـتی و ئەکادیمییـەکان لەســەر ئاســتی نــاوخۆیی و نێودەوڵــەتی گرتــووە، تــا گەیشــتووەتە ئــەو ئاستەی کە بەشـێک لـە توێژەران بـە بەنچینـەیەکی سـەرەکیی گەشـەپێدانی ئــابووری و بــەدیهاتنی گەشــەپێدانی بــەردەوامی دەزانــن (قطــاف، ٢٠١٠، لا١ـ١٩). بەشـێکی دیکـەی توێژەران لێکۆڵینـەوەیان لەسـەر بـە بـازاڕکردنی گەشتوگوزاری ژینگەیی کردووە وەک بنەمایەکی گرنگی کـەرتی ئـابووری وڵات، سـەیری گەشتوگوزاری ژینگـەیی دەکەن، (خەنفـەر و خەنفـەر، ٢٠٠٠، لا ٥٥ـ٦٦)

هەنــدێک لـــە توێژینـــەوەکانیش جـــەختیان کردووەتـــەوە لەســـەر گەشـەپێدانی ناوچـە لادێییـەکان لـە ڕێگـای بووژاندنـەوەی گەشـتوگوزاری ژینگــەیی لــەو ناوچانــەدا, وەک توێژینەوەکــەی ئــەحلام و صــوریە. لــەو توێژینەوەیەدا بایـەخ  بـە بەشداریکردنی دانیشتوانی ناوچـە لادێییـەکان لـە پڕۆژەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی دراوە و تیشکی زیـاتر خراوەتـە سـەر ڕەهەندە ئابوورییەکانی گەشتوگوزاری ژینگـەیی (احـلام و صـوریە، ٢٠١٠، ٢٢٤ـ٢٥٥).

توێژەرە بیانییەکانیش بەشێکیان لێکۆڵینەوەیان لەسەر گەشتوگوزاری ژینگــەیی ئەنجامــداوە، لەوانــە (Ross و Wall  ،١٩٩٩، لا١٢٣_١٣٢. Zhenhua ، ٢٠٠٣، لا ٤٥٩_٤٧٩. Butler ،٢٠٠٨، لا٩_٢٥. Hill ،٢٠٠٩، لا١_١٥). توێژینـــەوەی یەکـــەم گرنگیـــی بـــە پەیوەندییـــەکانی نێـــوان گەشــتوگوزاری ژینگــەیی و بنــەما جوگرافییــەکان داوە, بەتایبــەتی ئــەو بنەمایانـەی کـە هەسـتیارن بەرانـبەر چالاکییـە زیانبەخشـەکانی مـرۆڤ و

تێکچوونی هاوسەنگیی ژینگەیی دەبێتە هۆکاری لەناوبردنیان، توێژینەوەکە دەریخستووە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان بەدیهێنانی گەشتوگوزاری ژینگەیی و پاراستنی بنەماکانی گەشتوگوزار هەیە، دووەمیان جەختی لەسەر گەشتوگوزاری بەردەوام کردووەتەوە بە هۆکارێکی بنچینەیی داناوە بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام، وێڕای ئەوەش بەشێکی زۆری توێژینەوەکەی بۆ کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی گەشتوگوزاری بەردەوام تەرخانکردووە, کە ڕەهەندێکی دیکەی گەشەپێدانی بەردەوامە. هەرچی بوتلەرە لەپاڵ لێکۆڵینەوە لە گەشتوگوزاری بەردەوام هەوڵیداوە شیکردنەوەیەکی ورد لەسەر ئەنجامدانی ئەم جۆرە گەشتوگوزارە لە ژینگە جیاوازەکاندا بکات، سەرەڕای ئەوەی ئاماژەیەکی زۆری بە هۆشیارکردنەوەی گەشتیاران داوە، چونکە بەبڕوای ئەو پاراستنی هەر جۆرە توخمێکی ژینگەیی پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی بابەتییانە لەسەر توخمەکە هەیە, بەمەش ئەنجامدانی گەشتوگوزاری بەردەوام لەسەر هەر ژینگەیەک خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆی دەبێت.

ئەوەی دەربارەی توێژینەوەکەی (هێڵ) تێبینی دەکرێت، دەرخستنی پەیوەندییە لەنێوان جۆرەکانی گەشتوگوزار لەلایەک و گەشتوگوزاری ژینگەیی لەلایەکی دیکەوە، بە جۆرێک گەشتوگوزاری ژینگەییی بە سەنتەری جۆرەکانی گەشتوگوزار داناوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، هاوکات ئەم جۆرە گەشتوگوزارەی بە بنچینەی دەستەبەرکردنی گەشەپێدانی بەردەوام داناوە، هاوکات ڕێگایەکە بۆ کەمکردنەوەی دەرەنجامە نەرێنییەکانی پیسبوون و گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوای جیهان.

ئەوەی ئەو توێژینەوەیە لە توێژینەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە هەڵسەنگاندێکی جوگرافییانەیە بۆ پێنج توانستی سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە ڕێگای پراکتیککردنی هاوکێشە و پرۆسەی لەسەریەکدانانی نەخشەکان (Overlay)، لە پێناو گەیشتن بە دەستنیشانکردنی باشترین


شـــوێن بـــۆ گەشـــەپێدانی گەشـــتوگوزاری ژینگـــەیی و دامەزرانـــدنی هۆتێلی(ماڵی) ژینگەیی لە قەزای مێرگەسۆر.

## تەوەرەی دووەم :ـ هەنگاوەکانی توێژینەوە

### ٢ـ١ ناوچەی لێکۆڵینەوە (Study Area)

قەزای مێرگەسۆر دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری پارێزگای هەولێر و لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە کەوتووەتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (=١٨‾٣٦,٤٢°)و (=٤٤‾٣٧,١٨°) هێڵـــــــــی درێـــــــــژی (=٤٤‾٤٣,٥٠°)و (=٣٦‾٤٤,٥٨°)، بەمەش ڕووبەری گشتیی قەزاکە (١٩٤١)کم$^{٢}$. سنووری باکووری ڕۆژهەڵاتی، سنووری نێودەوڵەتیی عێراق و تورکیایە و لە باشووری ڕۆژهەڵاتیش لەگەڵ قەزای سۆران هاوسنوورە و بەشی ڕۆژئاوای قەزاکە لەگەڵ پارێزگای دهۆک هاوسنوورە. (نەخشەی ژمارە١). لە ڕووی کارگێڕییەوە قەزای مێرگەسۆر جگە لە ناحیەی سەنتەر لە پێنج ناحیە پێکهاتووە, کە بریتین لە گۆڕەتوو، شێروان مەزن، مەزنێ، بارزان، پیران، ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەپێی دوایین ئامار گەیشتووەتە (٦٧١٢٥) کەس. (پارێزگای هەولێر، ٢٠١٨)

نەخشەی ژمارە (١) شوێنی جوگرافیی قەزای مێرگەسۆر





سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە (وەزارەتی پلان دانان,٢٠١١)

## ٢_٢ ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە (Methodology):_

ڕێکارەکـانی ئـەم توێژینەوەیـە بـە دەستنیشـانکردنی پێـنج توانسـتی سروشـتی دەسـتپێدەکات کـە بـریتین لـە (شـوێنی جـوگرافی، ئاووهـەوا، سامانی ئاو، بەرزی و نزمی و ژیانی کێوی)، بۆ هەر یەکێک لەم توانستانە چەند ڕێکارێک ئەنجامدراوە بەم شێوەیە:

١_ لـە توانسـتی شـوێنی جوگرافیـدا دووری ناوچـەی لێکۆڵینـەوە لـە سـەنتەری پارێزگاکـان و ژمـارەی شارنشـینان بـە پێـوەر وەرگیـراوە بـۆ پراکتیککردنی هاوکێشەی (Crampon) و دەرهێنانی ڕووپێوی پێویستی گەشتوگوزاری بۆ شارنشینانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

**هێڵکاریی ڕێکارەکانی توێژینەوە**



٢_ شیکردنەوەی توانستی ئاووهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕێگای پراکتیککردنی هاوکێشەی (Thom) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی هەستکردنی مرۆڤ بە ئارامی لە ناوچە گەشتوگوزارییەکاندا، ئەویش لە ڕێگای کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکانی تایبەت بە پلەی گەرمی و شێی ڕێژەیی، وێڕای لێکۆڵینەوە لە بڕی بەفری باریو لەناوچەکە, کە توانستێکی خوازراوە لە ناوچە گەشتیارییەکان و دیمەنی ناوازە لە دەڤەرەکەدا دروستدەکات.

٣_ هەڵسەنگانی سامانی ئاویی قەزای مێرگەسۆر لە ڕێگای پشتبەستن بە (DEM)ی ناوچەکە بۆ دەرهێنانی ڕووبار و ئاوەزێڵەکان ئەنجامدراوە و دواتر دروستکردنی نەخشەی تایبەت بە سامانی ئاویی ناوچەکە و ئامادەکردنی بۆ پرۆسەی(Overlay).

٤_ بەرزی و نزمی قەزاکە کە توانستێکی دیکەیە بۆ گەشتوگوزاری ژینگەیی, نەخشەیەکی بەرزی و نزمی بۆ ئامادەکراوە کە دۆڵەکان و لوتکە چیاکانی لەخۆگرتووە، تا لە پرۆسەی لەسەریەکدانانی نەخشەکان بەکاربهێندرێت.

٥_ ژیانی کێوی, کۆتا توانستە کە لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە بەهەردوو بەشەکەی کە ڕووەکی سروشتی و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی دەگرێتەوە، ئەمەش لە ڕێگای کۆکردنەوەی داتای تایبەت بە جۆر و شوێنی ئەو ئاژەڵ و باڵندانەی کە لە دەڤەری مێرگەسۆر بوونیان هەیە.

## تـەوەرەی سـێیەم / توانسـتە سروشـتییەکان ( Geographical Potentiality)

### ٣_١ شوێنی جوگرافی (Geographic Location):-

مەبەست لە شوێنی جوگرافی هەڵکەوتەی هەر ناوچەیەکە بەگوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی لەلایەک و شوێن بەگوێرەی ناوچەکانی دەوروبەری لەلایەکی دیکەوە. ئەوەی تایبەتە بە شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئاووهەوای ناوچەکە هەیە, کە لە باسکردنی ئاووهەوادا بەشێوەیەکی وردتر تیشکی دەخەینەسەر، سەبارەت بە پێگەی جوگرافیی قەزاکە بەرانبەر بە ناوچەکانی دەوروبەری، وەک لە نەخشەی ژمارە (١)دا دەردەکەوێت, کەوتووەتە نزیک چەند ناوچەیەکی گەشتوگوزاریی گرنگ لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک، لەوانە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی قەزای ڕواندز و سۆران و شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێر و ناوچە گەشتوگوزارییەکانی هەردوو قەزای ئاکرێ و ئامێدی لە پارێزگای دهۆک، ئەمەش گرنگییەکی زیاتری بە پێگەی جوگرافیی مێرگەسۆر بەخشیوە لە ڕوانگەی گەشتوگوزارەوە.

پێگەی جوگرافیی دەڤەرەکە لە دووری و نزیکی شوێنی دەرچوونی گەشتیاران و شوێنی پێشوازیکردنی گەشتیاراندا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لەم بارەیەوە (Crampon) کە پسپۆرێکی بواری گەشتوگوزارە، دەڵێت پەیوەندیی کێشکردن لەنێوان مەڵبەندە گەشتوگوزارییەکان و ناوچەکانی دەرچوونی گەشتیارانەوە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی مەڵبەندەکە و پێچەوانەش دەگونجێ لەگەڵ دووری نێوانیان. هاوکێشەکەی بەم شێوەیە دەربڕیوە (نەقشبندی، ١٩٧٩، لا٤٨).

$$K=N/J^2$$

K = نیوەتیرەی ڕووپێوی گەشتیاری پێویست بۆ ناوچەکانی دەرچوونی گەشتیاران بە (کم).

N = ژمارەی دانیشتوانی مەڵبەندەکانی دەرچوونی گەشتیاران.

J = دووريی نێوان مەڵبەندە گەشتوگوزارییەکان و ناوچەکانی دەرچوونی گەشتیاران بە (کم).

خشتەی ژمارە (١)

ڕووپێوی گەشتوگوزاری بۆ بەشێک لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە هاوکێشەی (کرامپۆن)

| شارەکان | ژ.دانیشتوانی شارنشین | دووری سەنتەری پارێزگاکان لەناوچەی لێکۆلینەوە (کم) | ڕووپێوی گەشتوگوزاری پێویست (کم٢) |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٥٤٤٠٩١ | ١٣٥ | ٢٢٥٣٩ |
| دهۆک | ٩٥٧١٣٥ | ١٧٤ | ٣١٨٢ |
| سلێمانی | ١٨٣٢١١٩ | ٢٣٨ | ٣٢٨٤ |
| کەرکوک | ١١٨١٦٠٠ | ٢٣٤ | ١٤٦٢ |
| موسڵ | ٢٢٦١٢٢٥ | ٢١٠ | ٨٢٥٥ |
| بەغدا | ٧١١٠٢٣٤ | ٤٩٩ | ٢٥٦٠ |
| بەسرە | ٢٣٦٢١٢٣ | ١٠٢٣ | ١٥٢٨ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە: (وەزارەتی پلان دانان، ٢٠١٠) ، (الجهاز المركزي للاحصاء، ٢٠٠٩).

به سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (١)دا دەردەکەوێت کە شارنشینانی پارێزگای هەولێر پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە ڕووپێوی گەشتوگوزاری پێویســت لەســەر ئاســتی هەر حەوت پارێزگــاکە، هۆکــاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی پارێزگای ناوبراو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و زۆریی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە بە بەراورد بە شارنشینانی پارێزگاکانی دیکەی پراکتیککراو، هەریەک لە پارێزگاکانی دهۆک و سلێمانی ڕیزبەندی دووەم و سێیەمیان وەرگرتووە و پارێزگاکانی بەسرە و بەغداش وێڕای زۆریی ژمارەی شارنشینان لە پلەکانی کۆتایی ئەم هاوکێشەیە هاتوون, بەهۆی دوورییان لە قەزای مێرگەسۆر.

### ٣_٢ ئاووهەوا (Climate)

ئاووهەوای هەر ناوچەیەک بریتییە لە باری ژێرەوەی بەرگی گازی کە لە میانەی ڕەگەزەکانیەوە دیاریدەکرێت، ئاووهەوا بنچینەیەکی گرنگی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی گەشتوگوزارە لە هەر ناوچەیەک لەمیانەی ئەو کاریگەرییــەی دەیکاتــە ســەر مــرۆڤ لــە هەســتکردن بــە ئاســوودەیی و نائارامی، قەزای مێرگەسۆر کە لە ناوچەیەکی شاخاوی هەڵکەوتووە تایبەتمەندیی ئاووهەوای چیاکانی وەرگرتووە، چونکە چیاکان بەشێکی زۆری ڕووبەرەکەی پێکدەهێنن.

ئــاووهەوای چیاکــان بەوە دەناســرێتەوە کە گۆڕانکــاریی زۆر و لەناکاوی تێدا ڕوودەدات لە ڕووبەرێکی بچووکدا, سەرەنجام ئەو ناوچانە خــاوەنی ئــاووهەوایەکی تــایبەت بەخۆیــانن کە بە ئــاووهەوای چیــا (Mountain Climate) دەناسرێت (نەقشبەندی، ٢٠١٠، لا١١١).

گرنگیی ئاووهەوا بۆ گەشتوگوزار لەوەدا دەردەکەوێت, کە لەلایەک بەشێک لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا خۆیان بنەمای گەشتوگوزارین، لەلایەکی دیکەوە تەنها لە ئاووهەوای گونجاودا دەتواندرێت سوود لە سەرچاوە گەشتوگوزارییەکانی دیکەی هەر ناوچەیەک وەربگیرێت. (تۆفیق، ٢٠١٢،

لا٢٥) هەرچەنـــدە ئاووهەوایـــەکی نموونـــەیی بـــۆ ســـەرجەم چالاکییـــە گەشـــتوگوزارییەکان نییـــە, بـــەڵام پســـپۆران کـــۆکن لەســـەر ئـــەوەی کە ئاووهەوای گەشتوگوزاری خودان چەند تایبەتمەندییەکە. لەوانە, نـەبارینی بـاران و پلـەی گـەرمی مامناوەند و کـەمی ڕێژەی شـێ و بـەدەرەوەبوونی تیشکی خۆر.

لە پێنـاو هەڵسـەنگاندنی زیـاتری ئـاووهەوای قـەزای مێرگەسـۆر لـە ڕوانگـەی گەشـتوگوزاری ژینگەییـەوە, بەباشـی دەزانـین هاوکێشـەی تـۆم (Thom) بەسـەر نـاوچەی لێکۆڵینەوە پـراکتیکبکەین، کـە پشـت دەبەسـتێ بەهەردوو ڕەگەزی پلەی گەرما و شێ بۆ دەرخستنی ڕێژەی هەستکردنی مرۆڤ بە ئارامی، وەک لە خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت. هاوکێشـەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە. (موسی، ١٩٩٧، لا٦٧)

**THI (Di) = T – 0.55 (1-h) (T- 14.5)**

(THI (Di = پارسەنگی بێزاری (پلەی گەرمی و شێ)

T = پلەی گەرمی (س)          h = شێی ڕێژەیی

خشتەی ژمارە(٢)

بەها و جۆری ئارامی (پشوو) بۆ ئاووهەوای گەشتوگوزاری لە هاوکێشەی (تۆم)دا

| بەهای THI (Di) | کەمتر لە ١٠ | ١٠_١٤.٩ | ١٥_١٧. ٩ | ١٨_٢٠.٩ | ٢١_٢٣.٩ | ٢٤_٢٦.٩ | ٢٧_٢٨.٩ | ٢٩ و زیاتر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری ئارامی | زۆر بێزارکەر | بێزاری مامناوەندی | ئارامی ڕێژەیی | ئارامی تەواو | ئارامی ڕێژەیی | بێزاری مامناوەندی | زۆر بێزارکەر | مەترسی تەندروستی |

سەرچاوە : (موسی, ١٩٩٧، ص٦٨-٦٩)

بــە پراکتیککردنــی هاوکێشــەی تــۆم بەســەر ئاووهــەوای قــەزای مێرگەسۆر، وەک لە خشتەی ژمارە(٣) دەرکەوتووە، تێکڕای ئەو مانگانەی کە بەلای زۆریــنەی خەڵــک گونجــاون بــۆ ئەنجامــدانی چـــالاکییە گەشــتوگوزارییەکان, (دەرەنجامەکانیــان نــزیکە لە نێــوان ١٥ – ٢٣.٩٩), حەوت مانگ.

خشتەی ژمارە(٣)

تێکڕای مانگانەی پلەی گەرمی و شێی ڕێژەیی و پارسەنگی پشوو لە وێستگەی مێرگەسۆر

| مانگەکان | ک٢ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمووز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ک١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرزترین | ٥.٥ | ٩.٨ | ١١.٥ | ١٦.٤ | ٢١.٨ | ٢٨.٢ | ٣٥ | ٣٣.٣ | ٢٨ | ٢١.٦ | ١٣.٨ | ٧.٥ |
| نزمترین | ٠.١٢ | ٠.٦ | ٧ | ١٠.٢ | ١٤.٨ | ١٥.٥ | ٢٤.٣ | ٢١.١ | ١٩.٥ | ١٤.٦ | ٨ | ٢.٨ |
| تێکرا | ٢.٨ | ٥.٢ | ٩.٢ | ١٣.٣ | ١٨.٣ | ٢١.٨ | ٢٩.٦ | ٢٧.٢ | ٢٣.٧ | ١٨.١ | ١٠.٩ | ٥.١ |
| شێی ڕێژەیی | ٨٢.٥ | ٨٠.١ | ٧٠.٢ | ٥٨.٣ | ٣٩.٥ | ٣٢.٢ | ٢٣.١ | ٢٩.٤ | ٣٦.٩ | ٦٢.١ | ٧٠.٣ | ٧٨.٨ |
| بەهای(THI) | ٣.٩ | ٦.٢ | ١٠ | ١٣.٥ | ١٧ | ١٩ | ٢٣.٢ | ٢٢.٢ | ٢٠.٦ | ١٧.٣ | ١١.٤ | ٦.١ |

ئامــادەکراوە بــە پشــت بەســتن بــە: (وەزارەتــی کشــتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠١٧)

بـارانی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ ئـەوەی کە زۆرتـرین بـڕە لەسـەر ئاستی هەموو وێستگەکانی هـەرێمی کوردستان، بەڵام زۆربـەی ئـەو بـڕە بارانە لە دەرەوەی وەرزی گەشتیاری، (مایس _ئەیلول)، دەبارێت, ئەمـەش فاکتەرێکی گرنگە بـۆ سـوودوەرگرتن لـە تـەواوی سـەرچاوەکانی ناوچەکە بۆ گەشـەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی.

خشتەی ژمارە (٤) تێکڕای مانگانە و ساڵانەی بڕی بارانی وێستگەی میرگەسۆر (٢٠٠٤_٢٠١٧)

| مانگەکان | ک٢ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمووز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ک١ | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕی باران ملم | ٢١٠٠.١ | ٢٧١.٩ | ٢١٨.٣ | ٧٥.٦ | ٤٠٠.٧ | ٢.٤ | – | – | ٨.٥ | ١٠٦.٦ | ١٥٦.٧ | ٢٧٣.٤ | ١٣٦٤.٢ |
| ژ. ڕۆژی باراناوی | ١٠.٤ | ١٠.٨ | ١١ | ١٠٠.٦ | ٧.٨ | ٠.٦ | – | – | ١ | ٥.٢ | ٧ | ١٠.٦ | ٧٥ |

ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە: (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠١٧)

خشتەی ژمارە (٤) دەریدەخات کە لە کۆی هەموو ڕۆژەکانی ساڵ تەنها ٧٥ ڕۆژی باراناوی لەناوچەکە بوونی هەیە, ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە باران نابێتە بەربەست لە ئەنجامدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لەو ناوچەیە، سەبارەت بە بڕی بەفری باریو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دیسان نابێتە ڕێگر لە ئەنجامدانی چالاکییە گەشتوگوزارییەکان, بەڵکو خودی دیاردەی بەفر بارین هۆکارێکە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە ناوچەکەدا، بە جۆرێک کە بڕێکی زۆر بەفری لێ دەبارێت, لەلایەکەوە دیاردەی دەگمەن و سەرنجڕاکیش دروستدەکات, لەلایەکی دیکەوە دەکرێ ئەو چالاکییانەی تایبەتن بە بەفر لە ناوچەکە ئەنجام بدرێت.

خشتەی ژمارە (٥)

تێکڕای ساڵانەی بەفربارین بە(سم) لە وێستگەی مێرگەسۆر (٢٠٠٠-٢٠١٧)

| ساڵەکان | ٢٠٠٠ ٢٠٠١ | ٢٠٠١ ٢٠٠٢ | ٢٠٠٢ ٢٠٠٣ | ٢٠٠٣ ٢٠٠٤ | ٢٠٠٤ ٢٠٠٥ | ٢٠٠٥ ٢٠٠٦ | ٢٠٠٦ ٢٠٠٧ | ٢٠٠٧ ٢٠٠٨ | ٢٠٠٨ ٢٠٠٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەفربارین | ١٩٧ | ٣٠٥ | ٢٦٨ | ٢٠٦ | ٢٦٤ | ٢٣١ | ٢٥٠ | ١٣٥ | ١٠٦ |
| ساڵەکان | ٢٠٠٩ ٢٠١٠ | ٢٠١٠ ٢٠١١ | ٢٠١١ ٢٠١٢ | ٢٠١٢ ٢٠١٣ | ٢٠١٣ ٢٠١٤ | ٢٠١٤ ٢٠١٥ | ٢٠١٥ ٢٠١٦ | ٢٠١٦ ٢٠١٧ | ٢٠١٧ ٢٠١٨ |
| بەفربارین | ٢٢ | ٨٦ | ٢٩٣ | ١٤٠ | ٨٢ | ٨٥ | ١٣٦ | ٢١٦ | ١٦٥ |

ئامـــادەکراوە بـــە پشـــت بەســـتن بـــە: (وەزارەتـــی کشـــتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠١٧)

### ٣_٣ سامانی ئاو (Water Resource)

ســـامانی ئـــاو یەکێکـــە لە ســـەرچاوە گرنگەکـــانی گەشـــەپێدانی گەشـتوگوزاری ژینگەیی بەتایبەت ئـاوی سـەرزەوی و ژێرزەوی, چـونکە بـوونی ســەرچاوەکانی ئـاو لە ناوچەیەکـدا بـواری ئەنجامـدانی چـالاکییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ زیـاتر دەکـات، وێـڕای ئەوەش چەنـدین دیـاردەی دەگمەنـی سروشــتی و ســەرنجڕاکێش دروســتدەکات وەک ئەشــکەوت و دیاردەکانی ستەلەگتایت و ستەلەگمایت و تاڤگەکان.... هتد.


سـامانی ئـاو بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆش کـاریگەریی دەبێـت بـۆ سـەر ئەنجامـدانی چالاکییـەکانی گەشـتوگوزار, لە ڕێـگەی کـاریگەریی بـۆ سـەر جوانیی سروشت و دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی دانیشتوانی بنکە گەشــتوگوزارییەکان. لەلایەکــی تــرەوە بــوونی ســامانی ئــاو فــاکتەرێکی کاریگەر و هاندەر دەبێت بۆ سـەوزکردن و زیـادکردنی پانتـایی سـەوزایی لە هەر ناوچەیەکـــدا. ئامارەکـــان ئامـــاژە بەوە دەکەن هەر گەشـــتیارێک

پێویستی بە (١٠م$^{٢}$) لە باخچە و (١٠٠م$^{٢}$) لە دارستان هەیە (هەنارەیی، ٢٠١١، لا٥٦). دیارە کە دابینکردنی باخچە و دارستان و سەوزکردنی هەر ناوچەیەک بەبێ بوونی ئاو ئەنجام نادرێت.

نەخشەی ژمارە (٢) بەرزی و نزمی و سامانی ئاوی قەزای مێرگەسۆر

سەرچاوە: ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە: (وەزارەتی پلان دانان,٢٠١١)

سەبارەت بە ئاوی ژێرزەویش قەزای مێرگەسۆر چەندین کانیاوی




هەمیشەی و کاتی لەخۆدەگرێت، لەوانە کانی خەردن، بێدۆد، کانی شەکر، میران، زورگڤان، سەفتێ، پیران، ...هتد. ئەو کانیاوانە بوونەتە سەرچاوەی ژیانی بەشێکی زۆری دانیشتوانی قەزاکە. بەشێکیان تێکڕای لەبەرڕۆیشتی

ئاویان لە ٩٠ هەزار لیتر لە چرکەیەدا زیاترە، سەرەڕای ئەوەی چەندین کانیاوی تەندروستیش لەناوچەکە بوونی هەیە وەک کانیاوەکانی واش، شانەدەر، زەرک، پیری ساڵ (تۆفیق، ٢٠١٢، لا٥٠_٥١). بوونی ژمارەیەکی زۆری کانیاوەکان بەهەردوو جۆری ئاسایی و تەندروستییەوە بە فاکتەرێکی کاریگەر دادەندرێن بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی، هاوکات دەرفەتی سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی دیکەی گەشتوگوزاری ناوچەکە زیاتر دەکات.

وێنەی ژمارە (٢) پانۆڕامای سروشتی دەڤەری لێکۆڵینەوە

زێی گەورە گوندی دۆری ٢٠١٨



### ٣_٤ ڕوخسارەکانی ڕووی زەوی: (Landscape Shapes)

قـــەزای مێرگەســـۆر خـــاوەنی چەنـــدین ڕوخســـاری سروشـــتیی جۆراوجـۆرە, بەشـێوەیەک هەمـوو ڕوخسـارەکانی ڕووی زەوی هەرێمـی کوردستانی لەخۆگرتووە, لە چیا, دۆڵ, دەشت, بان, ئەشکەوت و دیاردەی جیۆمۆرفۆلۆجی سەرسوڕهێن ...هتد, جۆراوجۆربوونی ڕوخساری ڕووی زەوی لەم شـێوەیە وادەکـات تایبەتمەنـدییەکانی ژیـنگەی سروشـتیی ئەم ناوچەیە جیاواز و جۆراوجۆربێت, لە ڕووی ئاووهەواو و دەرامەتی ئاو و ڕووەکی سروشتی و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی.

جیاوازی و جۆراوجۆریی ڕوخسارەکانی ڕووی زەوی لـە ناوچـەکەدا دەرفـەتی بـۆ دەرکـەوتنی کۆمـەڵێک دیـاردەی جیۆمۆفۆلـۆجیی دەگمـەن و دیمـەنی نـاوازە و سـەرنجڕاکێش لـە ناوچەکـە ڕەخسـاندووە, بەتایبـەت کـە قەزای مێرگەسۆر ڕووی زەوییەکەی لەنێوان (٤٠٠_٢٨٠٠) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوەیە. (نەخشەی ژمارە٢).

دۆڵـەکانی قـەزای مێرگەسـۆر توانسـتێکی نایـابن بـۆ گەشـەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی کە ٢٠.٨% ڕووبەری قەزاکە پێکدەهێنێت (تۆفیق، ٢٠١٢، لا ٢٢). دۆڵـەکانی بێـداروون, ڤـاژێ, مـەڕا, هـۆرێ و شـکەفتێ، نموونـەی ئـەو دۆڵانـەن کـە بەشـێکیان بـە دیمەنـە سەرەنجراکێشـەکانیان سـاڵانە ژمارەیـەکی زۆری گەشـتیار بـۆ خۆیـان کێشـدەکەن. لـە قـەدپاڵی بەشێک لە چیا و دۆڵەکانی ناوچەکە چەندین ئەشکەوتی گرنگ هەیـە وەک ئەشکەوتەکانی شانەدەر، قۆڕێ، سێدەر، گەلی شارێ... هتد.

### ٣_٥ ژیانی کێوی (Wild Life)

ژیانی کێوی بەهەردوو بەشەکەیەوە کـە ڕووەکی سروشـتی و ئـاژەڵ و باڵنـدەی کێـوی(Flora & Fauna) دەگرێتـەوە، بنەمایـەکی سـەرەکیی گەشتوگوزاری ژینگەییە لە هەر ناوچەیەکدا، لەگـەڵ ئـەوەش پەیوەندییـەکی

توندوتوڵ لەنێوان هەردوو بەشەکەی ژیانی کێویدا هەیە، بە جۆرێک ئەو ناوچانەی بە ڕووەکی سروشتی دەوڵەمەندن, هاوکات بە ژیانی کێوی دەوڵەمەندن, چونکە ژینگەیەکی لەبار و ویستراون لەلایەن ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان و بۆ مەبەستی بەردەوامیی ژیانیان سوود لە پەناگە و حەشارگەکان وەردەگرن.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ژیانی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان، کە بوونەوەرە ئاوییەکانیش دەگرێتەوە بوونەتە جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانی دیدەوانان و گەشتیاران و تەنانەت دەزگا زانستی و ئەکادیمییەکانیش، لەم سۆنگەیەوە پاراستنیان بە کلیلی سەرەکیی سەرهەڵدان و گەشەکردنی گەشتوگوزاری ژینگەیی و گەشتوگوزاری سەوز(Green Tourism) دادەنرێت. (Cook, 2006, p273). ڕووبەری دارستانە سروشتییەکانی قەزای مێرگەسۆر بریتییە لە ٣٢١ هەزار دۆنم زیاتر، بەمەش ٤١.٥%ی ڕووبەری قەزاکە بە دارستان داپۆشراوە، وێڕای بوونی زیاتر لە ٨٦٥ دۆنم دارستانی دەستکرد ( تۆفیق، ٢٠١٢، لا ٥٦_٥٧). بوونی ڕووبەرێکی لەم شێوەیە لە دارستان فاکتەرێکی هەرە گرنگە بۆ سەرهەڵدان و گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی.

دەڤەری لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان چونکە پاراستی دارستان و ئاژەڵەکانی ئەو ناوچەیە وەک کلتوورێکی لێهاتووە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، ئێستاش چەندین سزا بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵ, بڕینەوەی درەختە بەتەمەنەکان داندراوە.

## تەوەرەی چوارەم :_ ئەنجام و گفتوگۆ ( Result & Discussion)

### ٤_١ هەڵسەنگاندنی ئەنجامی توانستەکان

١_ دەربارەی شوێنی جوگرافیی قەزای مێرگەسۆر لە خشتەی ژمارە (١)دا دەردەکەوێت شارنشینانی پارێزگای هەولێر ڕووپێوی

گەشـتوگوزارییان لـە هـەموو پارێزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتان و عێـراق زیـاترە و زیـاتر لـە حـەوت هێنـدەی هەریـەک لـە پارێزگاکـانی دهـۆک و سلێمانییە, بەمـەش هەڵکەوتـەی قـەزای مێرگەسۆر گرنگییەکی زیاتری بۆ شارنشینانی پارێزگای هەولێر درووستکردووە. پراکتیککردنی هاوکێشـەی (کرامپۆن) بەسەر ناوچەی توێژینەوە دەریدەخات, ئەو ناوچانەی نزیکن لە دەڤەری لێکـۆڵینەوە ڕووپێـوی پێویسـتی گەشـتوگوزارییان لە نـاوچە دوورەکـان زیـاترە, وێـڕای هاوسـنوور بـوونی مێرگەسـۆر لەگـەڵ وڵاتـی تورکیـا کـە دەکرێـت لـە ڕێگـای دابینکردنـی خزمـەتگوزاریی گەشـتیاری و بووژاندنـەوەی ئـەو کەرتـە گەشـتیاریانەی نزیـک ناوچەکـە بـۆ خـۆی کێشبکات.

٢_ ئاووهەوای دەڤەری لێکۆڵینەوە وەک لە خشتەکانی ژمـارە (٣ و ٤ و ٥)دا دەردەکەوێـت فاکتـەرێکی کاریگـەرە بـۆ ڕاکێشـانی گەشـتیاران و گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە ناوچەکەدا، بە جۆرێک سـەرجەمی ئـەو مانگانـەی کـە زۆر بێزارکـەرن لە ڕووی گەشـتوگوزارییەوە, (بەهـای THI کەمترە لە ١٠ و زیاترە لە ٢٧ ), لە تەواوی دەڤەری لێکۆڵینەوە تەنها ٣ مانگە، لە کاتێکدا تێکڕای ئەو مانگانەی کەوا بەهـای THI لەنێوان (١٠ – ٢٦) واتە خاوەنی پشـوویەکی ڕێژەییە ٩ مـانگە لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە, ئەمەش بە توانستێکی گرنگی گەشتوگوزار دادەنرێت.

خشتەی ژمارە (٦)

ڕۆژە باراناوییەکانی وەرزی گەشتیاری لە هەندێ ناوچەی جیهان و قەزای مێرگەسۆر

| ناوچەی گەشتیاری | ژ. رۆژی باراناوی | ناوچەی گەشتیاری | ژ. رۆژی باراناوی |
|---|---|---|---|
| دورگەی سەقەلیە | ٣.٦ | مایۆرکا | ٣.٤ |
| ریڤێرای فەرەنسی | ٥.٢ | کەناری مەراکیش | ١.٤ |
| کەناری دەریای رەشی بولگاریا | ٥.٥ | کەنارلوەکانی ئیتالیا | ٤.٨ |
| قەزای مێرگەسۆر | ٢.٢ | | |

سەرچاوە: (خطاب، ١٩٩٨، لا٣٢٧) و ( خشتەی ژمارە٤)

دەربارەی بارانی ناوچەکە، ئەگەر ژمارەی ڕۆژە باراناوییەکانی بە ناوچە گەشتوگوزارییە جیهانییەکان بەراورد بکەین وەک لە خشتەی ژمارە (٦) دەردەکەوێت هاوتای ئەو شوێنانەیە و بگرە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانیش ڕۆژی باراناوی کەمترە، ئەمەش بە فاکتەرێکی گونجاو دادەنرێت بۆ سوودوەرگرتن لە تەواوی سەرچاوە گەشتوگوزارییەکانی دیکە.

٣_ ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە سامانی ئاو، بە جۆرێک خاوەنی چەندین زێ و لقە ڕووبارە، لەوانە زێی گەورە، چەمی شەمدینان (ڕووشین)، چەمی ڕێزان (ڕووکوچک)، چەمی مووسەکاو. چەندین لقە ڕووباری وەرزی لە ناوچەکە بوونیان هەیە و دیاردەی دەگمەن و دانسقەیان بە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی دەڤەرەکە بەخشیوە، بەتایبەت کە بە ناوچەکی شاخاوی پێچ ئاڵۆزدا تێپەڕدەبن دیاردەی جیۆمۆرفۆلۆجی ناوازەیان دروستکردووە. وەک لە نەخشەی ژمارە ٢ و

وێنــەکانی ژمــارە(٢) دا دەرکــەوتووە، وێــڕای بــوونی ژمارەیــەکی زۆری کانیاوەکان بە هەردوو جۆری تەندروستی و ئاسایی.

٤_ بوونی چەند زنجیرە چیایەک وەک شیرین و پیران و برادۆست و پێرس, لەگەڵ ئەو دیمەنانەی کە دروستیان کردوون لە ئەشکەوتەکان و دۆڵە قوڵ و سەرنجڕاکێشەکان و کەندڕ و دەربەندی نێوان چیاکان, کە بەشــێکیان لقــە ڕووبارەکانیــان پێــدا تێپــەڕدەبێت توانســتێکی گرنگــی گەشەپێدانی گەشتوگوزارین بۆ گەشتیارانی ناوخۆیی و بیانی.

دەشـــتەکانی دەڤـــەری لێکۆڵینـــەوە نموونەیـــەکی دیکـــەی یەکـــە تۆپۆگرافییەکانی قەزای مێرگەسۆرن، لەگەڵ ئەوەی ڕووبەری دەشتەکان تــەنها ٣٠.٢%ی ڕووبــەری قەزاکەیــە (تۆفیــق، ٢٠١٢، لا٢١)، بــەڵام بــە توانســتێکی ســەرەکیی ڕاکێشــانی گەشــتیاران دادەنرێــت، بەتایبــەت کــە سەیرانگانانی مەیدانۆکان و چەمی ڕێزانیان تێدا هەڵکەوتووە، هاوکات دەشتەکان بە زنجیرە چیا پێچ ئاڵۆزەکان دەورەدراون و بەمەش چەندین دیمەنی ناوازە لە چوار وەرزی ساڵ دروستدەکەن.

٥_ قــەزای مێرگەســۆر ناوچەیــەکی دەوڵەمەنــدە بــە ژیــانی کێــوی بــە هــەردوو جــۆری ڕووەکــی و ئــاژەڵی، وەک لــە خشــتەی ژمــارە (٧)دا دەردەکەوێت، لەو ناوچەیەدا وێڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری ئـاژەڵ و باڵندە کێوییەکان بە هەردوو جۆری کۆچەری و هەمیشەییەوە، ژمارەیەکی بــەرچاوی گــوڵی سروشــتی هەیــە, کــە جیــا لــە ڕاکێشــانی گەشــتیاران بەشێکیان وەک دەرمان و بەشێکیشیان وەک جوانکاری و بۆن و بەرام بەکاردەهێندرێن, کە دەکرێ لە پاڵ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی ببنــە فاکتــەرێک بــۆ ســەرەتای گەشــەپێدانی گەشــتوگوزاریی چارەســەری (Medical Tourism) لە هەرێمی کوردستاندا.

خشتەی ژمارە (٧) ناوی بەشێک لە ڕووەک و ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکانی مێرگەسۆر

| ئاژەڵی Fauna | | ڕووەکی Flora | |
|---|---|---|---|
| ئاژەڵە بێ وەسیەکان | ئاژەڵە راوکەرەکان | ڕووەکی جوانکاری | ڕووەکی دەرمانی |
| مەموزە | گورگ | مێلاقە | گیابرینە |
| مامز (ئاسک) | کەمتیار | لاولاو | ڕەشکە |
| مامزی فارسی | ورچە بۆر | رێحانە کێویلە | بەیبوون |
| بزنە کێوی | دەڵەک | بەرکەمەر | پونگ |
| کەروێشکە کێوی | کورەبەشە | گاگرۆ | سۆتکە |
| ژووژک | کەمتیار | شلێر | گوژاڵک |
| کیمەل | سەگی ئاوی | نێرگز | ڕۆنیاس |
| میخور | پشیلەی کێوی | چنوور | کالوس |
| | بەراز | گیا زەنگولە | ئەسپەند |
| | وەشەک | وەنەوشە | مێکۆک |

سەرچاوە: (حەمەشەریف، ٢٠٠٩، لا١١٥_١١٨) و (تۆفیق، ٢٠١٢، لا ٦٤)

## ٤_٢ هەڵبژاردنی باشترین شوێن بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی


دەستنیشانکردنی باشترین شوێن بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی و دامەزراندنی ئیکۆلۆج هەنگاوی کۆتایی توێژینەوەکەیە بە پشتبەستن بە شیکردنەوەی ئەو توانستانەی کە لە تەوەرەکانی پێشەوەی ئەو باسە ڕوونکراوەتەوە.

لــه نەخشـــەی ژمـــارە (٣)دا دەردەکـــەوێت باشـــترین شـــوێن بـــۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی و دامەزراندنی ئیکۆلۆج, دوو شوێن هەڵبژێردراون لەسەر بنچینەی توانستەکان کە بریتین لە ناوچەی بارزان (کەناری زێی گەورە) و ناوچەی پیران, کە لێرەدا هەردوو ناوچەکە بە جیا باس دەکەین.

١_ ناوچەی بارزان :_ ئەم ناوچەیە دەکەوێتە بەشەکانی باکووری ڕۆژئاوای قەزای مێرگەسۆر, نزیک سنووری قەزاکە لەگەڵ هەریەک لە پارێزگای دهۆک و قەزای سۆران لە پارێزگای هەولێر. ڕووبەری ئەم ناوچەیە (٢٣٤)کم[٢] و لە ڕووی توانستە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندە. شوێنی جوگرافیی ناوچەکە لەلایەکەوە لە سەنتەری پارێزگای هەولێر نزیکە و لەلایەکی دیکەوە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای دهۆک, بەمەش گەشتیاران لە هەردوو پارێزگاکەوە دەتوانن بۆ گەشتوگوزاری ژینگەیی سوود لە سەرچاوە سروشتییەکانی ئەو ناوچەیە وەربگرن، هاوکات شوێنی گونجاو بۆ دامەزراندنی هۆتێلی ژینگەیی بە چەند جۆرێکی جیاواز.

بەهۆی دەوڵەمەندی ئەو ناوچەیە بە سەیرانگا گەشتوگوزارییەکانی وەک: گەلی زورگڤان و سەیرانگای ڕێزان و کەناری زێی گەورە، پەستانێکی زۆری گەشتیارانی لە وەرزی گەشتیاری لەسەرە، ئەمەش پڕۆژەکانی گەشتوگوزاریی ژینگەیی و چەندین هۆتێلی ژینگەیی لەو ناوچەیە, ناوچەکە بایەخدارتر دەکات، بە تایبەت ناوچەکە لە ڕووی سامانی ئاوەوە دەوڵەمەندە و چەندین جۆری ڕووەکی سروشتیی دارستانی لێوار ڕووبارەکان و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی بوونیان هەیە.

نەخشەی ژمارە (٣) نموونەی شوێنە شیاوەکان بۆ گەشتوگوزاری ژینگەیی و ئیکۆلۆج




بەرزی و نزمیی ئەو ناوچەیە لەنێوان (٦٣٥_٢٣٤٥)م لە ئاستی ڕووی دەریاوەیە، بەمەش دۆڵ و دەشت و چیای لەخۆگرتووە، چەندین لوتکەچیای تێدایە لەوانە لوتکەکانی شیرین و هۆری و موسەکاو و دۆڵی ژێرێ. ئەمەش ناوچەکەی دەوڵەمەندتر کردووە بە ڕووەکی سروشتی، سەرەنجام ناوچەکە لەبارتر بووە بۆ پەناگە و حەشارگەی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان.

٢_ناوچەی پیران:_ ئەو ناوچەیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای مێرگەسۆر نزیک سنووری نێودەوڵەتیی عێراق_تورکیا. ڕووبەری ناوچەی هەڵبژێردراوی پیران (٥٤.٥)کم٢، بەمەش ڕووبەرەکەی بە بەراورد بەناوچەی یەکەم بچووکترە, بەڵام ناوچەیەکی بایەخدارە بۆ

گەشتوگوزرای ژینگەیی، لەو سۆنگەیەی کە ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکانی سنووری قەزای مێرگەسۆر کەوتوونەتە زنجیرە چیای پیران، وێڕای ئەوەی ناوچەیەکی نزیکە لە سەیرانگای مەیدانۆکان و هاوینە هەواری پیران، کە لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر بایەخێکی گرنگی گەشتوگوزارییان هەیە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆری گەشتیارانی سنووری قەزاکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک ڕوو لەو ناوچە گەشتیارییە دەکەن.

بەرزی و نزمییەکەی لەناوچەی یەکەم سادەترە, بە جۆرێک بەرزییەکەی لەنێوان (٦٥٠_١٩٥٠) مەترە لە ئاستی ڕووی دەریا. بەرزترین لوتکەچیای ناوچەکە لوتکەچیای پیرانە. ئەم ناوچەیە جیا لە دیمە سەرنجڕاکێشەکانی, ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە کانیاوەکان لەوانە کانی پیران و سەرکەندڵ و کانیە سار. سەرەڕای ئەوەش دۆڵەکانی ئەو ناوچەیە بە ئاوی کانیاوەکان و توانەوەی بەفری چیاکان لە زۆربەی مانگەکانی وەرزی گەشتیاریدا ئاویان پێدا تێپەڕ دەبێت، بەمەش بە ناوچەیەکی گونجاو دادەنرێت بۆ دامەزراندنی ئیکۆلۆج و ڕاکێشانی گەشتیارانی ژینگەیی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

**دەرەنجامەکان:**_ توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١_ قەزای مێرگەسۆر لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە خاوەنی توانستێکی گرنگی گەشتوگوزاریی ژینگەییە، بەتایبەت بۆ شارنشینانی پارێزگای هەولێر, کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی شارنشینی هەیە، هاوکات سەنتەری قەزاکانی سۆران و ڕواندز و چۆمان و شەقڵاوە کەوتوونەتە هەرێمی چیایی پارێزگای هەولێر و نزیکن لە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی قەزاکە. وێڕای نزیکی ناوچەکە لە سەنتەری قەزای سۆران, کە زانکۆی سۆرانی تێدایە و سوود لە قەزاکە وەردەگیرێت بۆ

توێژینـەوە و ڕاهێنـانی ژینگـەیی, کـە ئامـانجێکی گرنگـە لـە گەشـتوگوزاری ژینگەیی و دامەزراندنی ئیکۆلۆج.

٢ــ ئاووهـــەوای قەزاکـــە توانســـتێکی دیکەیـــە بـــۆ گەشـــەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی چونکە:ــ

ــ لـە کـۆی (١٢) مانگـدا تـەنها (٣) مـانگی لـە دەرەوەی ئاووهـەوای گەشـتوگوزاری پۆلێن دەکرێت، بەمـەش ٩ مـانگی سـاڵ بـە ئاووهەوایـەکی لەبار دادەنرێت بۆ چالاکییە گەشتوگوزارییەکان.

ــ ئاووهـەوای هـیچ مـانگێکی قـەزای مێرگەسـۆر لـەو جـۆرە نییـە کـە مەترسی تەندروسـتی بۆ سـەر گەشـتیار هـەبێت، بەهای (THI) ناگاتـە ٢٩ پلە بەپێی پۆلێنکاریی تۆم.

ــ لـە کـۆی (٣٦٥) ڕۆژی سـاڵ تـەنها ٧٥ ڕۆژی بارانـاوی لەناوچـەی لێکۆڵینـەوە بـوونی هەیـە، بەمـەش (٨٠.٥%) ڕۆژەکـانی سـاڵ گونجـاوە بـۆ چالاکییە گەشتوگوزارییەکان، هاوکات تێکڕای ڕۆژە باراناوییەکانی وەرزی گەشـتیاری (مایس_ئـەیلول) کـەمترە لـە ١٠ ڕۆژ لەگـەڵ ئـەوەی زۆرتـرین بڕی بارانی لەسەر ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان لێ دەبارێت.

٣ــ قـەزای مێرگەسـۆر بـەهۆی تێپـەڕبوونی زێـی گـەورە و هـەڵقوڵانی چەندین کانیاو و لقە ڕووبار, ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە ئاوی سـەرزەوی، ئەمەش کەرەستەیەکی گرنگە بۆ ئەنجامدانی چالاکییـە گەشـتوگوزارییەکان، وێڕای ئـەوەی چەنـدین دیمـەنی جـوان و دوورگـەی بچـووک بچـووکی لـە دۆڵ و پێدەشتەکان دروستکردوە، وێڕای ئەو کانیاوە تەندروسـتییانەی کە لە سنووری قەزاکە بوونیان هەیە.

٤ــ قەزای مێرگەسۆر خاوەنی هەموو ئەو یەکە تۆپۆگرافیانەیە کە لـە هەموو هەرێمی کوردسـتان بـوونی هەیـە، لـە چیـا و دەشـت و دۆڵ و بـان،

ئـەمـەش وای کـردووە دیـاردە سروشـتییە جۆراوجۆرەکـانی هـەبێت, وەک ئەشکەوت و تاڤگە و ڕووکـاری ئـازادی چیاکـان و دۆڵـی قـوڵ، ئەمانـەش هـەموویان سـەرچاوەی گرنگـی گەشـتوگوزاریی ژینگـەیین بەتایبـەت بـۆ گەشتیارانی ژینگەیی، کە خولیای بینین و سەرنجدانن لە ژینگەی جیاوازدا.

٥_ ناوچـەی لێکۆڵینـەوە خـاوەنی تایبەتمەندییـەکی جیـاوازی ژیـانی کێـوییە لەسـەر ئاسـتی هـەموو پارێزگـای هـەولێر, بـە جۆرێـک هـەر لـە دێرزەمانەوە پڕۆسەی ڕاوکردنی تێدا سنووردارکراوە و پاراستنی درەختە ناوازەکان و ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان بووەتـە کلتوورێکی تایبـەتی ئـەو ناوچەیـە، ئەمـەش ژینگـەی ناوچەکـەی بـە هاوسـەنگی هێشـتووەتەوە بـۆ ژیانی کێوی, و سەرەڕای ئەوەی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە شێوەیەکی فەرمی بەشێک لە ڕووبەری قەزاکەی وەک ناوچەی پارێزراوی مێرگەسۆر ناساندووە. ئەمەش وای کردووە قەزاکە دەوڵەمەندیی خۆی لـە ئـاژەڵ و باڵنـدەی کێـوی لەدەسـتنەدات, کـە بنچینەیـەکی گرنگـی گەشتوگوزاری ژینگەیی و دامەزراندنی هۆتێلی ژینگەییە.

٦_ناوچەی بارزان و ناوچەی پیران باشترین شوێنن بۆ گەشـەپێدانی پڕۆژەی گەشتوگوزاری ژینگەیی و دامەزراندنی چەندین ئیکۆلۆج, ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک لەوانە:_

_ (ناوچـەی بـارزان) کـەناری زێـی گـەورەیە و ناوچەیـەکی گەشتوگوزارییە, بەمەش مەترسی پیسبوونی ژینگەی گەشتیاری لێدەکرێت بـە پـەیڕەوکردنی بنـەماکانی گەشـتوگوزاری ژینگـەیی ئـەو مەترسـییە دەڕەوێتەوە.

_ ناوچەی بارزان نزیکە لە سەنتەری شارنشینانی پارێزگای هـەولێر, وێڕای هاوسنووری لەگەڵ پارێزگای دهۆک بەمـەش دەرفـەتی ڕاکێشـانی گەشتیارانی زیاتر دەبێت.

ـ زۆربـــەی ئـــاژەڵ و باڵنـــدە کێوییـــەکانی دەڤـــەری مێرگەســـۆر کەوتوونەتـە زنجیـرە چیـای پیـران و ناوچەیـەکی دەوڵەمەنـدە بـە ژیـانی کێـوی، وێـڕای ئـەوەی نزیکـەی نیـوەی ڕووبەرەکـەی پێدەشـتی چیاکانـە, بەمەش دەرفەتی پڕۆژە گەشتوگوزارییەکان لەناوچەکە ئاسانتر دەکات.

**ڕاسپاردەکان:ـ**

١ـ دامەزراندنی دەستەیەکی گەشـتوگوزاری لـە قەزاکـە کـە کارەکـانی بریتی بێت لە:

ـ کۆکردنـەوەی داتـای تایبـەت بـە ژمـارەی گەشـتیاران و ئامـانجی گەشتەکانیان و ماوەی مانەوەیان.

ـڕووپێوکردنی جۆری ئاژەڵ و باڵندە کێوییـەکانی ناوچەکـە، وێـڕای ڕووپێوی جۆری گوڵ و ڕووەکە سروشتییەکان.

ـ بڵاوکرنـــەوەی هۆشـــیاریی ژینگـــەیی تایبـــەت بـــە گەشـــتیاران و گرنگیپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی.

ـ دانــانی چەنــد ڕێبــەرێکی گەشــتوگوزاری ژینگــەیی تایبــەت بــە گەشتیاران و ڕوونکردنەوەی چەمک و ئامانجی ئـەم جـۆرە گەشـتوگوزارە بۆ گەشتیاران.

٢ـ دامەزرانـــدنی چەنـــد وێســـتگەیەکی کەشناســـی لـــە دەڤەرەکـــە بـە جۆرێـک کـە تـەواوی توخمـەکانی ئاووهـەوای تێـدا تۆماربکرێـت، کـە خزمەتی دەستنیشانکردنی وردتری ئاووهەوای گەشتوگوزاری لە قەزاکەدا دەکات.

٣_ دامەزراندنی چەند هۆتێلێکی ژینگەیی (ئیکۆلۆج) لە هەردوو ناوچەی بارزان و پیران لە کەرەستەی خۆجێیی ئەو ناوچانە, بە جۆرێک کە تایبەتمەندییەکانی ئەو ناوچانەی تێدا ڕەنگبداتەوە.

٤_ هەوڵدان بۆ بە فەرمی ناساندنی ناوچەی پارێزراوی مێرگەسۆر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی (IUCN) و دروستکردنی چەند پارێزراوێکی بچووکی دیکە لە قەزاکە.

٥_ گرنگیدانی زیاتر بە گەشتوگوزاری زستانە و دروستکردنی چەند هەوارگەیەکی تایبەت بەم جۆرە گەشتوگوزارە لەناوچە چیاییەکانی قەزاکەدا و تایبەت نەکردنی گەشتوگوزاری ژینگەیی بە وەرزێکی تایبەتی ساڵ.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان**


- تۆفیق، هەڵبەست عبدالرحمن، توانستە جوگرافییەکانی گەشەپێدانی چالاکی گەشتوگوزاری لە قەزای مێرگەسۆر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، ٢٠١٢، بڵاونەکراوە.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی مێرگەسۆر، ئاماری دابارینی بەفری وێستگەی کشتوکاڵی مێرگەسۆر لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٠_٢٠١٧ (داتای بڵاونەکراوە).
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی مێرگەسۆر، ئاماری وێستگەی

کەشناسی مێرگەسۆر لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٤_٢٠١٧ (داتای بڵاونەکراوە).
- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ئاماری دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم بەپێی ژینگە, (داتای بڵاونەکراوە).
- حەمە شەریف, ئازاد، گیانەوەرانی کێوی ناوچەی هەولێر, ئینسکلۆپیدیای هەولێر, بەرگی یەکەم "جوگرافیا", چاپخانەی گرین گالۆری, لبنان, ٢٠٠٩.
- نەقشبەندی، ئازاد محەمەدئەمین، ئاووهەوای لۆکاڵی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٠.
- هەنارەیی، ڕزگار محمد، توانستە جوگرافییەکانی دروستکردنی پارێزراوە لەهەرێمی چیایی پارێزگای هەولێر و گرنگیان لەبەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی ئاداب، ٢٠١١، بڵاونەکراوە.

**_سەرچاوە عەرەبییەکان**

- احلام، خان و صورية، زاوى، السياحة البيئية وأثرها على التنمية في المناطق الريفية، ٢٠١٠، مجلة ابحاث الادارية والاقتصادية، العدد ٧، سنة ٢٠١٠.
- الخضيرى، محسن، أحمد السياحه البيئية، مجموعه النيل العربية، القاهرة، ٢٠٠٥.
- خطاب, نياز عبدالعزيز، تقيم سياحى لمناخ اقليم جبال كوردستان العراق, رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الاداب, جامعة صلاح الدين, ١٩٩٨ .
- خنفر، عايد راضي و خنفر، إياد عبد الإله, تسويق السياحة البيئية والتنوع الحيوي، مجلة جامعة اسيوط، ٢٠٠٦.
- غرايبه، خليف مصطفى، السياحة البيئية، دار ناشرى لنشر الالكترونى، ٢٠١٢.
- فؤاد، نشوى, محاضرات في السياحة المتواصلة والبيئة، دار الوفاء الدنيا للطباعه والنشر، الإسكندرية، ٢٠٠٨.

- قطاف، ليلى و وآخرون، اثر السياحة البيئية الداخلية على تحقيق التنمية المستدامة، دراسة حالة ولاية مستغانم، ملتقى وطنى حول: فرص ومخاطر السياحة الداخلية فى الجزائر، الجزائر، ٢٠١٢.
- موسى، على حسن موسى , المناخ والسياحة, دار الانوار, دمشق ١٩٩٧.
- النقشبندى, آزاد محمدامين، المقومات الطبيعية لنشوء وتطور السياحة في المنطقة الجبلية من العراق، مجلة كلية التربية، جامعة البصرة، العدد٢، ١٩٧٩.
- وزارة التخطيط والتعاون الانمائي العراقي، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية, الاحصائيات السكان المحافظات، حسب والبيئة والجنس، www.cosit.gov .

## _سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- Butler, Richard W, Sustainable tourism, a state-of-the-art review, Tourism Geographies Journal, 2008 No 1. https://doi.org/10.1080/14616689908721291
- Cook, Roy A.& other Authors , Tourism , "The Business of Travel" , Prentice Hall , Third Edition , New Gersy , 2006.
- Fennell, David, Ecotourism, Taylor & Francis, Publishers, Third edition, New York, 2008.
- Hagberg, Annika.What's an ecolodge, a case study of ecotourism operations in Ecuador, A master thesis in environmental science, Center for Environmental and Climate Research, Lund University, 2011.
- Higham, James. Critical Issues in Ecotourism: Understanding a complex tourism phenomenon, Elsevier Publishers, London, 2007.
- Hill, Jennifer, Ecotourism and Environmental sustainability: an introduction, 2009. at: https://www.researchgate.net/publication/237110317.
- Jampol, Glenn. Ecolodges: Exploring Opportunities For Sustainable Business, Clearance Center, Washington, DC , 2014,

- McCool, Stephen F, & Moisey, R. Neil, Tourism, Recreation and Sustainability, CABI publishers, Second Edition, London, 2009.
- Ross, Shery & Wall, Geoffrey, Ecotourism towards congruence between theory and practice, Tourism Management Journal, (1999), vol .
- World Ecotourism Summit, Final Report, WTO & UNEP Publishers, Madrid, 2002.
- Zhenhua, Liu, Sustainable tourism development, Journal of Sustainable Tourism, 2003, Vol. 11, No. 6.

**ملخص: تقييم جغرافى لإمكانات الطبيعية لسياحة البيئية فى قضاء مێرگەسۆر**

تعد المناطق السياحية من أكثر المناطق تأثراً بالتلوث البيئي والمعاملات الضارة بالبيئة من الانسان، ومع الازدياد المستمر للنشاطات السياحية تكمن أهمية دراسة السياحة البيئية في قضاء ميرگسور وتحديد أفضل المواقع لتنميتها. تهدف الدراسة الى تحديد وتقييم أهم الامكانات الطبيعية لقضاء ميرگسور لإنشاء وتنمية المشاريع السياحة البيئية وكذلك اختيار افضل المواقع لنشاطات السياحة البيئية وإنشاء فنادق ومشيدات ملائمة للطبيعة والبيئة.

قسمت الدراسة على أربعة محاور، حيث عنون المحور الأول لمفاهيم الدراسة وفيه تم توضيح مفاهيم ومصطلحات مستخدمة في الدراسة وكذلك ذكرت فيه الدراسات السابقة، وخصص المحور الثاني لتحديد منطقة الدراسة وإجراءات الدراسة، وفي المحور الثالث بحثنا الإمكانات الطبيعية لقضاء ميرگسور، وفي المحور الأخير ذكرنا نتائج البحث ومناقشاتها، والاستنتاجات التي توصل إليها البحث ومقترحات متعلقة بمنطقة الدراسة.

**Abstract: A geographical assessment of the natural potentiality of Ecotourism in Mergasor district**

Most touristic areas are affected by various environmental changes, pollutions and human mistreatment, which affect environmental resources, especially when tourism is on rapid and continuous growth. The study's aims is the assessment of the most important natural potentiality for the establishment and development of Ecotourism in the District of Mergasor as well as the selection of the best sites for Ecotourism and Ecolodge. The study is divided into four parts: the first part is devoted to the literature review including the concepts of description and previous studies; the second part is devoted to study area and methodology. The third part is about natural potentiality and its analysis and the last part is the results of the study in addition to the discussion. Moreover, there are a number of conclusions and suggestion to develop ecotourism and eclogue in the study area.